**** کۆماری ئیسلامی بۆ به چوونی مامۆستا ده رویشیان بۆ باشووری کوردستان ترس دایده گرێ؟!****

**ڕێناس جاف**

دوابه دوای ئه وه ی کورد له ده- دوانزه ساڵی ڕاپوردوودا له باشووری کوردستان، به گه لێ ده سکه وت و سه رکه وتنی شکۆمه ند گه یشتووه، کوردی ڕۆژهه ڵاتی کوردستانیش زۆر ده رفه تی زێرینی ده س که وتووه و گه لێ ده رکه ی له ڕوو کراوه ته وه.

به وه ده س خستنی هه ر ماف و ئیمتیاز و سه ربه رزییه ک له لایه ن کوردی باشووره وه، کورد له پارچه کانی دی کوردستان خاسما له ڕۆژهه ڵاتی کوردستان، زێتر ورووژاوه.

هه ر ئه و که ش و هه وا، ته واو چۆکی به دیکتاتۆران و ملهوڕان و کورد چه وسێنه کان، داداوه و کاریشی کردۆته سه ر هه ڵوێستی وان له حاند کورده کانی نێو وڵاتانی خۆ.

نه ک به و مانا ئه وان دانیان به مافی کورداندا نابێ و که وتبنه ئاوه دانکردنه وه ی ناوچه کوردییه کان و هه ر وه ها دانی ئازادی فره تر به و ده ڤه رانه، به ڵکو شێوه ی سات و سه ودا و مامه ڵه یان، گۆڕانی به سه ردا هاتووه و ئه مجاره له ژێر ده مامێکی دیکه وه ڕوواڵه تی دێوئاسای خۆیان ده رخستووه.

دانانی چه ندین ده زگای به ناو ڕووناکبیری، مێدیایی و چاندی ته نێ بۆ زه فکردنه وه ی پرسی کورد له باشووری کوردستان و بڤه کردنی ئاخاوتن له سه ر کێشه و پرسه کانی کورد له نێو خۆوه، یه ک له و فێڵ و ته ڵه کانه یه حکومه تانی سه رده ستی کوردستان، ده کاریان هێناوه.

ئه م سیاسه ته گه نده ڵ و کرێته ی کورد چه وسێنه کان، هه تا ڕاده یێک کاریگه ر بووه و دابینی نیاز و ویست وداخوازه پۆخڵه کانی ئه وانی کردووه.

به داخه وه پارته کوردییه کانی باشووری کوردستانیش له و نێوانه دا که وتوونه ته نێو بۆسه و داوی ناحه زانی کورد و زۆر جار ملیان بووه به په تی ئه وانه وه و به به زمه که ی ئه وان، هه ڵپه ڕیون.

پڕ ڕوونه ئه م هه ڵوێست و سیاسه ته ی پارته کوردییه کانی باشووری کوردستان، گه لێ زه بری به وان گه یاندووه و کورد زیانی زۆریشی لێ بینیوه.

**ناردن و به ڕێکردنی ده یان گرووپ و تاقم و ده سته ی "چێوار"ی به ناو گرووپی هونه ری، ڕۆشنبیری و چاندی به ئێزن نامه ی فه رمی ده وڵه تی کۆماری ئیسلامی بۆ باشووری کوردستان و ئاڵۆزاندنی که شی هێوری ئه وێنده رێ، من دڵنیام جگه له چه واشه کاری چ ده سکه وتێکی دی نه بووه.**

کۆماری ئیسلامی له و به ستێنه دا زۆر ڕمووزنانه جووڵاوه ته وه و ئێزنی به و تاقم و گرووپانه ی داوه سه ری باشووری کوردستان بده ن که جگه له سه رقاڵکردنی کوردان له و به شه ی کوردستان، چی دیکه یان پێ نه بووه. ته نانه ت جێی داخیشه زۆربه ی ئه و ده سته و گرووپانه ، زوانه کوردییه که یان ئه وه نده کول و کۆڵه وار بووه، نه یانوێراوه ئه وه نده خۆ ده ربخه ن، گه ڕیش وتوو وێژی ڕۆژنامه گه ریبان ده گه ڵ ساز داون، زمانه که ئه وه نده له ت و په ت و چه وت و خوار بووه، هۆساکاری خۆی ویستووه خۆ له قه ره ی ڕاسکردنه وه ی ئه و زمانه خێچ و خوار و لار و وێره ی بدات که دیاری و ده سکه وتی ڕژێمه کانی مینا کۆماری ئیسلامییه.

**سه ر باری ئه وه ش به ڕاستی ڕووی هه رچی کوردی ڕۆژهه ڵاته "سپییان" کردۆته وه و په ڵه یێکی هه ره بۆریان به نێوچاوانی خۆوه نه خشاندووه.**

کۆماری ئیسلامی هه رکه چاک له تویخی سه ری فلانه گرووپ و تاقم و ده سته گه یشتووه و دڵنیا بووه له سه ر که شی ڕووناکبیری کوردستان، هیچ کاریگه ر نابێ و زه ره رێکی بۆ په زه کانیش نابێ، بۆ خۆش هاسانکاری خستۆته به رده میان و هه ر له و ڕێگه شه وه پرۆپاگه نده یێکی بۆ خۆ خستۆته ڕێ و ژستێکیشی پێوه لێداوه.

وه ره و بۆ خۆ ئاوڕێک له سه ردانی گرووپه کانی به ناو هونه ری و ڕووناکبیری کوردی ڕۆژهه ڵات بۆ باشووری کوردستان بده وه و ئه و دیوه که ی بخوێنه وه.

چلۆنه کۆماری ئیسلامی ئێزن به و هه موو گرووپ و تاقمانه ده دا بۆ په ره پێدانی گه نده ڵکاری و پۆخڵکردنی که شی پاکی ئه وێنده رێ به ده رمانات و ماده هۆشبه ره کان، سه ری باشووری کوردستان بده ن که چی به چوونی تاقه که سێکی ڕووناکبیر و نووسه ری ناسراو، ئه وه نده ترسی له دڵ ده نیشێ؟!

**مه به ستم پێش گرتن به سه فه ر و سه ردانه که ی نووسه ری ئازادیخوازی کوردی ڕۆژهه ڵاتی کوردستان مامۆستا ئه لی ئه شره فی ده رویشیانه.**

به خته وه رانه به م سالانه پاشی ئاشنایتی چینی رووناکبیری باشووری کوردستان، به ماموستا ده رویشیان و به رهه مه کانی ، زور رووناکبیر و ده زگا و سه نته ری روشنبیری وه خو که وتوون و زیتر له نرخ و به های په یقه سه ربه ستە کانی خامه که ی ده س ماموستا ده رویشیان ، تیگه یشتوون و له زور کورِ و جقین و کوبوونه و له نیو گه لی روژنامه و گوڤاراندا، ده سیان داوه ته روونکردنه وه ی چه مکه کانی هزری بیر و ئه ندیشه ی ئه م نووسه ره کورده فارسی نووسه.

دزه ی ئه م چینه رووناکبیره بو نیو ده زگای ده سه لاتی کوردی، سه ره نجام به ریکی شیرینی لی که وته وه و ئه م به ینه وه زاره تی روشنبیری حکومه تی هه ریمی کوردستان، داوه ت نامه ییکی بو ماموستا ده رویشیان نارد هه تا سه ردانیکی کوردستانی ئازاد بکات، لی بوکویره کانی زه مه ن، خیرا وه خو که وتن و هه زار کوسپ و له مپه ریان خسته سه ر ریی ئه و سه فه ره.

رووناکبیر و خه باتکاری کوردی روژهه لاتی کوردستان به دریژایی سالانی خه بات و برِاڤی شورِشگیری و چاندی و رووناکبیری، ده وری هه ره کارا و بالای خوی نواندوه و من نامه وی ئه و ئاماده بوونه چرِ و پرِه، به چالاکی تاقمی چیوار وه، کال و که م ره نگ بکه مه وه.

خه باتی ده یان که له نووسه ری وه ک "حوسین حوزنی موکریانی"، "گیوی موکریانی"، "حه سه نی قزلجی"، " عه لائه دینی سه جادی"، "هه ژاری موکریانی" ، " هیمن" ، "عه بدو ره حمانی زه بیحی" ، " خالیدی حیسامی(هیدی)" بو خو سه لمینه ری وته که ی ئیمه یه ، به لام مه به ستی من زیتر ئه م ساله دواییانه ده گریته وه که که شیکی ئازاد له باشووری کوردستان پیک هاتووه و هه ر جاره و تاقمیک له لایه ن ئه م که نال و ئه و ئالییه وه ، سه ری باشووری کوردستانیان داوه و هه تا به ئیستاش که س گیچه لی بو ساز نه کردوون. بو؟ هوکه ی گه لی روون و خویایه.

ده زگای ئه منی کوماری ئیسلامی هه ر وا دانه نیشتووه و به وردی هه موو شتیکی له ژیر چاودیری دایه. هه ر بویه جاریکی تر نیاز ناپاکی کوماری ئیسلامی ، خوی له تویی په رده ییکی دیکه وه ده رخست. ماموستا ده رویشیان نه ئه وه کوماری ئیسلامی ده ناسی و قه تیش به هه زاران کوسپی وا نابه زی و ئیراده و وره ی له وه به رزتره، دلسارد بیته وه.

شورشی زانیاریش کاریکی کردووه هه موو تخووب و سنووریکی ده سکردی به زاندووه و ئه مروکه کورد له کویی دونیا بیت، به سات ئاگای له دوزی گه له که یه تی و ئیدی چه کی رزیوی ناحه زانیش وه ک جاران گاریگه ر نابیت.